هەواڵی رۆژنامەوانی

دەرچوو: 12-تەمووز / 2017

**11 ی تەمووز – رۆژی جیهانیی دانیشتوان**

لە ساڵی 1989 و لە رۆژی 11 ی تەمووزدا بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان رێورەسمێکی بۆ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی بارودوخی دانیشتوان رێکخست. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم رۆژە ئەوە بوو کە لە رۆژی 11ی تەمووزی 1987 نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە کە ژمارەی دانیشتوانی زەوی گەیشتە 5 ملیار کەس. دوای ئەمە و لە ساڵی 1990، جارێکی تر نەتەوە یەکگرتووەکان رێورەسمێکی بۆ تاوتوێ کردنی پرسەکانی پەیوەست بە دانیشتوان رێکخست و بڕیاریدا کە رۆژی 11 ی تەمووز ببێتە رۆژی جیهانیی دانیشتوان و ساڵانە بە درووشمێکی تایبەت یاد بکرێتەوە. ئەم رۆژە ئێستا لە زیاتر لە 90 وڵاتی جیهان یاد دەکرێتەوە و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان بە هاوکاری لە گەڵ حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە رۆژەکە بەرز دەنرخێنن.

درووشمی ئەمساڵی رۆژی جیهانیی دانیشتوان برتییە لە:

**''رێکخستنی خێزان: بەهێزکردنی خەڵك، گەشەپێدانی نەتەوەکان''**

مەبەست لە رێکخستنی خێزان ئەوەیە خێزانێك پلانی خۆی هەبێت بۆ ژمارەی منداڵان و شێواز و چۆنیەتیی بەخێو کردنیان. لێرەدا چەند هۆکارێکی هەڵبژاردنی ئەم درووشمە بەرچاو دەخەین:

1- نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی کردووە کە لە ساڵی 2017 دا 214 ملیۆن ئافرەت بە شێوازی ناتەندروست یان ناکاریگەر رێکارەکانی رێکخستنی خێزان بەکار دەهێنن. دوو هۆکار بۆ ئەمە دەستنیشان کراون. یەکەم، بەردەست نەبوونی زانیاری یان خزمەتگوزاریی پێویست. دووەم، پشتگیری نەکران لە لایەن هاوسەر یان کۆمەڵگە. زۆرترین ژمارەی ئەم ئافرەتانە لە 69 لە وڵاتە دواکەوتووەکان دەژین، 21% لە وڵاتانی بیابانی ئەفریقا و 18% لە وڵاتانی باشوری ئاسیا.

بۆ ئەم مەبەستە، نەتەوە یەکگرتووەکان پلانی هەیە بۆ ئەوەی 120 ملیون ئافرەت تاکو ساڵی 2020 بە شێوەیەکی خۆبەخش رێکارەکانی رێکخستنی خێزان بەکار بهێنن.

2- پێشبینی کراوە کە لە ساڵی 2017 دا 206 ملیون دووگیانی لە سەرانسەری جیهان هەبێت کە 43% ئەوان بە دوو شێوە نەخوازراو و پلان بۆ دانەڕێژراو بوونە. یەکەم، لای هەندێ لەم ئافرەتانە هێشتا زووە بۆ دووگیانی؛ دووەم، هەندێ لەم ئافرەتانە بەهیچ شێوەیەك نایانەوێ منداڵیان ببێت.

3- 308,000 ئافرەت لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا پێشبینی کراوە کە گیانی خۆیان لە دەست بدەن بە هۆکارێکی پەیوەندیدار بە منداڵبوونەوە.

4- پێشبینی دەکرێت دوو ملیۆن و حەفتسەد هەزار (2,700,000) منداڵ لە ساڵی 2017 بەر لە تەمەنی 1 مانگی گیان لەدەست بدەن.

ئەگەر رێکارە نوێ و پێشکەوتووەکانی رێکخستنی خێزان لە وڵاتە دوواکەوتووەکان بە شێوازێکی دلخۆشکەر و بە پێی داواکاریی ئافرەتان جێبەجێ بکرێن، پێشبینیی ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دەکرێت:

1- ساڵانە ژمارەی دووگیانبوونە نەخوازراوەکان لە 89 ملیۆن بۆ 22 ملیۆن کەم ببێت. ئەم کەمبوونە دەبێتە هۆکار بۆ کەمبوونی مردنی 76,000 دایك بەهۆکاری پەیوەندیدار بە دووگیانییەوە.

2- ساڵانە ژمارەی منداڵبوونی پلان بۆدانەڕێژراو لە 30 ملیۆنەوە بۆ 7 ملیۆن کەم ببێت.

3- ژمارەی بەزۆر لەباربردنی منداڵ لە 48 ملیون بگاتە 13 ملیون.

دوا خاڵ: ساڵانە 15 ملیۆن ئافرەت لە تەمەنی 15-24 ساڵی منداڵیان دەبێت و 4 ملیۆن ئافرەت منداڵیان لەبار دەبەن.

**دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**
**بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار**
**11 ی تەمووز-2017**

**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە :**
**ئیمێل:** contact@krso.gov.krd
**ماڵپەڕ:** www.krso.gov.krd
**تەلەفۆن:** 00964(0)662559170

**زنجیرە:** 60